هەرێمی کوردســـتان/ عێراق
سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان
ئەنجومەنی سەندیکا
بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی
ADMINISTRATION DIRECTORATE

COUNCIL OF UNION

إقليم كوردستـــان/ العراق
نقابة مهندســي كوردســـتان
مجلس النقابة
مديرية الأدارة
KURDISTAN ENGINEERS UNION

# دەربارەی سەندیکا

سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/٤/٢٧ لەشاری هەولێر لە ڕێگەی یەکەم کۆنگرەیەوە بەپێ ی یاسای ژمارە ١٥ ی ساڵی ١٩٩٩ (یاسای سەندیکای ئەندازیارانی هەرێمی کوردستان/ عێراق) دامەزرا وەك سەندیکایەکی پیشەیی تایبەت بە ئەندازیاران لە کوردستان ، کەسایەتی مەعنەوی خۆی هەیەو سەربەخۆیە لە ڕووی کارگێری و داراییەوە و بارەگای سەرەکی سەندیکا لە هەولێری پایەتەختی هەرێمی کوردستانە ، ئامانجی ڕێکخستنی پیشەی ئەندازیاری و ئەنجام دانی پرۆژە ئەندازیاریەکانە لە کوردستان بە پێ ی مەرج و مواسەفاتی ئەندازیاری .

سەندیکا ئەم ئۆرگانانە لە خۆ دەگرێت:

- ئەنجومەنی سەندیکا : بریتیی یە لە نەقیبی سەندیکاو هەشت ئەندامی ئەنجومەن بە جێگری نەقیب و سکرتێری ئەنجومەنەوە.
- لقەکانی سەندیکا : دەستەی بەڕێوەبردنی لقەکان پێك هاتووە لە سەرۆکی لق و چوار ئەندامی دەستەی لق ، لقەکانی سەندیکا بریتیە لە لقی(هەولێر، دهۆك ، کەرکوك ، سۆران ، زاخۆ).
- ئەنجومەنی ڕاوێژکاری : پێك هاتووە لە نەقیب و ئەندامانی ئەنجومەن و سەرۆکی لقەکان.
- ئەندامانی سەندیکا(ئەندازیاران): بریتی یە لە هەڵگرانی بروانامەی بەکالۆریۆس یان هاوتاکەی لە دەرچوانی کۆلێژە ئەندازیاریەکانی زانکۆ حکومی و ئەهلیەکانی کوردستان و عێراق و بە هەموو بەش و پسپۆریەکانەوە و هەروەها دەرچووانی ئەو زانکۆو کۆلێژە ئەندازیاریانەی وڵاتانی دەرەوە کە باوەرپێکراون لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە و دانیشتوی هەرێمی کوردستانن و وە هەڵگری ناسنامەی عێراقین.

❖ کاروباری ڕۆژانەو چالاکیەکانی سەندیکا بەپێ ی ئەم یاساو پەیرەوانە بەڕێوە دەچێت:

- یاسای ژمارە ١٥ی ساڵی ١٩٩٩ ی پەرلەمانی کوردستان ( یاسای سەندیکای ئەندازیارانی هەرێمی کوردستان /عێراق ).
- پەیرەوی ناخۆی سەندیکا .
- پەیڕەوی نووسینگە ئەندازەییەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە ٣ ی ساڵی ٢٠١١.

❖ ڕێکاری بە ئەندام بوون و بەرزکردنەوزەی پلە و کاری ڕۆژانەی ئەندازیاران بە پێ ی یاساو پەیرەوی ناوخۆی سەرەوە ئەنجام دەدرێت.

❖ پلەکانی ئەندازیاری:

- یاریدەدەر ، ئەندامانی سەندیکا لەسەرەتای ئەندام بووندا پلەی یاریدەدەری پێ دەبەخشرێ و پاش ٤ ساڵ کارکردن پلەکەی بەرز دەکرێتەوە بۆ کارا .
- کارا : ماوەکەی ٥ ساڵە و پاشان بەرزدەکرێتەوە بۆ (ڕێپێدراو)، ئەوەش پاش پێشکەشکردنی ڕاپۆرتێك لە لایەن ئەندازیارەکەوە دەربارەی ئەو کارانەی کردوویەتی لەماوەی ئەو ٥ ساڵەدا و دواتر لە لایەن لێژنەیەکەوە گفتوگۆی

راپۆرتەکەی لەگەڵ دەکرێت و لێژنەکە بریاردەدات بە موستەحەقی یان نا بۆ بەرزکردنەوەی پلەی ئەندازیارەکە بۆ ڕێپێدراو .

- ڕێپێدراو : ماوەکەی ٥ ساڵە و پاشان بەرزدەکرێتەوە بۆ راوێژکاری کە بەرزترین پلەی ئەندازیاریە ، بەرزکردنەوە بۆ راوێژکاریش بە هەمان شێوەی پلەی ڕێپێدراو ڕێکارەکان ئەنجام دەدرێت لەگەڵ کەمێك جیاوازی و ئەندازیارانی سەرکەوتوو بروانامەی پلەی راوێژکاریان پێ دەبەخشرێ.
- راوێژکار : بەرزترین پلەی ئەندازیاریە و هەڵگرانی ئەم پلەیە دەتوانێت لە بواری پسپۆری خۆی بەبێ سنوور کارەکانی ئەنجام بدات.

❖ بەشەکانی ئەندازیاری لە سەندیکا (٧) بەشەو هەربەشێك جەندین پسپۆری لە خۆی دەگرێت:

١. شارستانی
٢. تەلارسازی
٣. کارەبا
٤. میکانیك
٥. نەوت
٦. کیمیاوی
٧. کۆمپیوتەر

❖ لە ئەنجومەنی سەندیکا لێژنەیەك بەناوی لێژنەی نووسینگە ئەندازەییەکانی سەندیکا پێکهێنراوە بەپێ ی پەیڕەوی نووسینگە ئەندازەییەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە ٣ ی ساڵی ٢٠١١ بۆ رێکخستنی کاروباری ئەندازیاری و مۆڵەتی نووسینگە ئەندازیاری و راوێژکاریەکان کە دیزاین و سەرپەرشتی پرۆژەکان دەکەن .

❖ لە ئەنجومەنی سەندیکا بۆردێك پێکهێنراوە بە ناوی
(بۆردی ئەندازیاری و ئەکادیمی - Engineering & Academic Board )بە سەرۆکایەتی جێگری نەقیب و ئەندامێتی چەند ئەندازیارێکی بەتواناو شارەزا لە بواری ئەندازیاری لە هەردوو کەرتی حکومی و تایبەت و مامۆستایانی کۆلێژە ئەندازیاریەکان لە هەرێمی کوردستان.

❖ نووسینگەکان لەرووی دەسەڵاتی کارکردنەوە دوو جۆرن:

١. نووسینگەی ئەندازیاری ، ئەندازیارانی پلەی ڕێپێدراو دەتوانن ئەم جۆرە نووسینگانە دابمەزرێنن و دەسەڵاتی کارکردنیان سنووردارە ، بۆیان هەیە پرۆژەکان دیزاین و سەرپەرشتی بکەن تا رووبەری بینا ٢٥٠٠ م٢، نووسینگە ئەندازەییەکان تاکو مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٣ ، ژمارەیان ٢٦ نووسینگەیە.
٢. نووسینگەی راوێژکاری ئەندازیاری : ئەم جۆرە نووسینگانە ، ئەندازیارانی پلەی راوێژکار دەتوانن دایبمەزرێنن و سنووری کارکردنیان کراوەیە. نووسینگە راوێژکاریە ئەندازیاریەکان تاکو مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٣ ، ژمارەیان ٨٦ نووسینگەیە.

❖ لە ئەنجومەنی سەندیکا ، سندوقێکی هاوکاری ئەندازیاران پێکهێنراوەو لێژنەیەك بە سەرۆکایەتی بەڕێز نەقیب سەرپەرشتی دەکات ، ئەم سندووقە بەبێ بەرامبەر یارمەتی ئەندازیارانی ئەندامی سەندیکا دەکات لەم تەوەرانەی خوارەوە:

- هاوکاری کردنی ئەندازیاران لە کاتی هاوسەرگیری ، ئەمەش بەزۆری ئەندازیارانی گەنج دەگرێتەوە.

- هاوكاری كردنی ئەندازیاران لەكاتی ئەنجام دانی نەشتەرگەری بۆ چارەسەری نەخۆشی.
- هاوكاری كردنی ئەندازیاران لە كاتی تووش بوون بە رووداوی نەخوازراو یان لەكاتی نەخۆشی لەناكاو.
- هاوكاری كردنی بنەماڵەی ئەندازیاران بۆ پرسەی ئەندازیارانی كۆچ كردوو.
- سپۆنسەركردنی خولی زانستی  بۆ ئەندازیاران.
- سپۆنسەركردنی كۆنفرانس و ووٚرك شۆپی ئەندازیاری كە لە لایەن كۆلێژە ئەندازیاریەكانەوە ئەنجام دەدرێت بە تایبەتی لە زانكۆ حكومیەكان.

❖ لەبواری پەیوەندیەكانی سەندیكا لەگەڵ رێكخراوەكانی هاوپیشەو رێكخراوەكانی تر لە دەرەوەو ناوەوەی كوردستان :

- پەیوەندیەكانی سەندیكا لە دەرەوەی عێراق و كوردستان بریتیە لە دوو یادداشتی لێكتێگەیشتنی هاوبەش :
  - یادداشتی لێكتێگەشتن لەگەڵ (چامبەری ئەندازیاری هەرێمی بەڤاریا لە شاری میونیخی وڵاتی ئەڵمانیا ).
  - یادداشتی لێكتێگەشتن لەگەڵ (نیزام مهندسی اوستانی كوردستان لە شاری سنەی وڵاتی ئێران).
- لە پەیوەندیەكانی ناوخۆیی سەندیكا لەگەڵ رێكخراوی هاوپیشەو لایەنانی تر بریتیە لە :
  - بوونی پەیوەندی و هەماهەنگی تۆكمە لەگەڵ (یەكێتی ئەندازیارانی كوردستان - كۆمیەتی باڵا) لە شاری سلێمانی .
  - بوونی پەیوەندی و هەماهەنگی لەگەڵ (نقابة المهندسين العراقية - بغداد)
  - یادداشتێكی لێكتێگەیشتنی هاوبەش لەگەڵ ( یەكێتی بەڵێندەرانی كوردستان - كۆمیەتی باڵا)لە شاری  هەولێر.
  - یادداشتێكی لێكتێگەیشتنی هاوبەش لەگەڵ ( سەنتەری تەكنەلۆجیاو راهێنانی ئەوروپی - ETTC ) لە شاری هەولێر.
  - یادداشتێكی لێكتێگەیشتنی هاوبەش لەگەڵ ( یەكێتی وەبەرهێنەرانی كوردستان  ) لە شاری هەولێر.
  - یادداشتێكی لێكتێگەیشتنی هاوبەش لەگەڵ( زانكۆی جیهان - هەولێر).
  - یادداشتێكی لێكتێگەیشتنی هاوبەش لەگەڵ ( زانكۆی تیشكی نێودەوڵەتی - هەولێر).
  - یادداشتێكی لێكتێگەیشتنی هاوبەش لەگەڵ ( زانكۆی نەورۆز - دهۆك).

❖ سەندیكا لە پێناو بەرزكردنەوەی رادەی زانستی ئەندازیاران و بەردەوامی پەیوەندی ئەندازیاران لەگەڵ تەكنەلۆجیاو زانستی ئەندازیاری سەردەمیانە ، لە ساڵانی رابردوو بەتایبەتی پێش شەری داعش و هاتنی كۆڤید ١٩ بەردەوام خولی جۆراو جۆری ئەنجام داوە بۆ ئەندازیاران لەسەر حسابی سەندیكا و بەخۆرایی ئەندازیاران بەشداری خولەكانیان دەكرد ، بەڵام بەهۆی شەڕی داعش و پاشان نەخشی كۆڤید ١٩ ئەم پرۆسەیە راگیرا ، خۆشبەختانە لە ساڵی پارەوە ٢٠٢٢ و پاش رێكەوتن لەگەڵ رێكخراوی ETTC بە هاوكاری رێكخراوی GIZی ئەڵمانی و لەسەر فەندی وەزارەتی دارایی ئەڵمانیا فیدراڵ و یەكێتی ئەوروپا لە چوارچێوەی بەرنامەی پەرەپێدانی كەرتی تایبەت لە عێراق (PSD) توارنرا بەردەوامی بە خولەكانی زانستی بۆ ئەندازیاران بدرێت لە پێناو دامەزراندنی ئەكادیمییەك بۆ ئەندازیاران كە هیوادارین بتوانین ئەو ئەكادیمیایە بە هاوكاری ئەو بەڕێزانەی سەرەوە بتوانین دایبمەزرێنین كە خەونێكی ئێمەیە بۆ ئەندازیارانی كوردستان و ئامادەین هەموو هەوڵێك و توانای خۆمان بەكار بهێنین بۆ دامەزراندنی ئەو ئەكادیمیایە.

❖ بەرنامەی داهاتووی سەندیكا بریتیە لە نوێ كردنەوەی ئۆرگانەكانی سەندیكا لەرێگەی هەڵبژاردنی ستافی نوێ وە ، بۆ ئەم مەبەستەش لە ماوەی رابردوو توانرا لە هەردوو ئیدارەی نوێ ی سەربەخۆ لە كوردستان ( سۆران و زاخۆ ) توانرا هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت و ستافی نوێ ی لقی سەندیكا لەو دوو شارە دەست بەكاربوون ، لەماوەی داهاتووی

نزیکدا هەڵبژاردن لە شارەکانی تریش ئەنجام دەدرێت و پاشان بەرنامەی ئەنجام دانی کۆنگرەی سەندیکا ئەنجام دەدرێت و هەوڵ دەدەین لەم کۆنگرەیەدا پەیرەوێکی نوێ ی کارکردن دابنێنین و بەرنامەی کارکردنی سەندیکا گۆڕانکاری بەسەردا بهێنین تاکو بەشێوەیەکی باشترو چالاکتر کارەکانی ئەنجام بدات و زیاتر لە خزمەتی ئەندازیاراندا بێت و هەلی کار بڕەخسێنیت بۆ ئەندازیاران بە تایبەتی ئەندازیارانی گەنج و خولی بەهێزکردنی تازە دەرچووەکان بکرێتەوە تاکو بتوانن کاربکەن لە بازاڕی کار.

- ❖ یەکێك لە کێشەی بەردەم سەندیکا بریتیە لە نەگەڕانەوەی لایەنانی پەیوەندار لە وەزارەتی خوێندنی بالآو زانکۆکان بۆ سەندیکاو وەرگرتنی راوبۆچوونی سەندیکا لەسەر کردنەوەی بەشە ئەندازیاریەکان و دراسەکردنی پێداویستی بازاڕی کار بەو بەش و پسپۆریانە ، بەداخەوە بەبێ بوونی دراسەو پشت بەستن بە هیچ داتاو زانیاریەك بڕیاری کردنەوەی کۆلێژی ئەندازیاری و بەشە جیاوازەکانی پسپۆری ئەندازیاری دەدرێت ، ئەمەش پاش دەرچوونیان کێشە بۆ سەندیکاکەمان دروست دەکات چونکە ناتوانرێت بازاری کاریان بۆ بدۆزرێتەوە و کار بۆ ئەندازیارانی ئەو پسپۆریانە بدۆزێتەوە کە لەکوردستان بازاڕیان نیە یان زۆر کەمە.
- ❖ یەکێکی تر لە کێشەکانی بەردەم سەندیکا کە بووەتە هۆکاری کەمکردنەوەی هەلی کار بۆ ئەندازیاران ، ئەویش ئەنجام دانی هەندێك لە پڕۆژەکان لە کوردستان بە بێ مۆڵەتی فەرمی کارکردن لە لایەن وەزارەت و دائرە فەرمیەکانی حکومەت وەك شارەوانی و وەبەرهێنان ، ئەم جۆرە پڕۆژانە کەس ئاگاداری چۆنیەتی دیزاین و سەرپەرشتی دروستکردنی نیە ؟ تەنانەت هەندێك لە پڕۆژەکان بەهۆی قەبارەی زۆری و فراوانی پڕۆژەکە دەتوانرا ژمارەیکی زۆری ئەندازیار سوودمەند بوایە تیایدا لە دیزاین و سەرپەرشت ی جێ بەجێ کردندا ، ئەم پڕۆژانەش ژمارەیان زۆرە ؟! گەر ئەم پڕۆژانە بە رێکاری یاسایی ئەنجام بدرێت دەتوانرا بە سەدان ئەندازیار هەلی کاریان هەبوایە!
- ❖ هەلی کاری ئەندازیاری لە بازاڕی کار لە کوردستان دەکرێتە دوو بەشەوە:

١. کارکردن لە دام و دەزگاکانی حکومەت ، ئەم هەلەش نزیکەی ١٠ ساڵە زۆر کەمە بە هۆی قەیرانی دارایی حکومەت.

٢. کارکردن لە کەرتی تایبەت ، کارکردنی ئەندازیاران لەم کەرتەش دەکرێتە دوو بەشەوە:

٢-١: کارکردن لە کۆمپانیاکانی بەڵێندەرایەتی بۆ جێ بەجێ کردنی پڕۆژەکان ، بەهۆی ئەوەی مۆڵەتی کۆمپانیاکان لە لایەن حکومەتەوە دەدرێت ، بۆیە تارادەیەکی زۆر سەندیکا ئاگداری کاری ئەو ئەندازیارانە نیەو گرێ بەستی کارو چۆنیەتی کارکردنی ناگەڕێتەوە بۆ سەندیکاو هیچ داتایەك لە سەندیکا نیە بۆ ئەو جۆرە کارانە.

٢-٢: کارکردن لە بواری دیزاین و سەرپەرشتی پڕۆژەکان ، ئەم جۆرە کارکردنە لە لایەن نووسینگە ئەندازیاری و راوێژکاریەکانەوە ئەنجام دەدرێت ، ئەو نووسینگانە لە لایەن سەندیکاوە مۆڵەتی پێ دەبەخشرێ و گرێ بەستی کاری ئەندازیاران بە ئاگاداری سەندیکا ئەنجام دەدرێت و لەسەندیکا ئاماری پێویستی هەیە لەسەر ئەم ئەندازیارانە.

- ❖ سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان ماڵی دووەمی ئەندازیارانە لە کوردستان بەبێ جیاوازی دین و رەگەزو مەزهەب و نەتەوەو بیروبۆچوونی سیاسی ، لەپێناو خۆشگوزەرانی ئەندازیاراندا کاروچالاکیەکانی ئەنجام دەدات .

---

www.andaziar.org
Kurdistan Engineering Syndicate @fb.com